# پێتەختی کەلتووری

[یونس حەمەد ڕەشید](#)

سایتی ئەلکترۆنی دەزگای خەندان، لە بەرواری ٨ ی ئەم مانگە، بابەتێکی بە ناوی (پایتەختی ڕوناکبیری) بڵاوکردۆتەوە، کە تیایدا ئاماژە دەکات بە پڕۆژەیەکی شارەوانی سلێمانی، کە لە ساڵی ٢٠٠٧ بە سەرۆکایەتی حاکم قادر حەمەجان پێشکەشی پەرلەمان کراوە، بیرۆکەی پڕۆژەکە ئەوەیە کە داوا کراوە شاری سلێمانی بە ڕەسمی بکرێت بە پێتەختی ڕۆشنبیری کوردستان.

ڕۆشنبیری وشەیەکی ڕەسەنی کوردییەو هەمان مانای کەلتوور دەدات، کەلتووریش هەر لەگەڵ خەریکبوونی مرۆڤی سەرەتایی بە کشتوکاڵ، سەرهەڵدەدات، بەم مانایە مرۆڤ لە دوای هاتنە دەرەوەی لە ئەشکەوتەکان و ڕاوکرنی ئاژەڵی کێوی و خواردنی خۆراکی خۆڕسک، دەستدەکات بە کشتوکاڵ و بە چاکردنی خانوو لە بەرد و قوڕ، ئیدی بەم جۆرە ڕۆشنبیر دەبێت، بە هەرحاڵ چەمکی کەلتوور، چەمکێکی دوور و قووڵە و زۆر لە بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە، وەک هونەر، ئەدەب، مۆسیقا، دابونەریت، بیناسازی، خواردن، جل و بەرگ و هتد.

بیرۆکەی پێتەختی کەلتووری بۆ یەکەم جار لەلایەن وەزیرێکی ڕۆشنبیری یۆنانی لە ساڵی ١٩٨٥ پێشکەش بە یەکێتی ئەورۆپا دەکرێت، دیارە هۆکار و پاساوی ئەم پڕۆژەیەش ئەوەیە کە یەکێتی ئەورووپا، زیاتر بایەخی بە لایەنی سیاسی و ئیداری و ئابووری داوە و لایەنی کەلتووری فەرامۆش کردووە، بۆیە ئامانجی پڕۆژەکە بۆ بایەخپێدانی بواری کەلتوورییە، بەمپێیەش هەر ساڵی شارێک یان دوو شار لە ئەورووپا دەبێت بە پێتەختی کەلتووری، هەڵبژاردنی هەر شارێکیش بە کاندیدکردن و بە پێشاندانی ڕووی کەلتووری شارەکە دەستنیشان دەکرێت، دیارە ئەو شارانەی کە چالاکن، چانسیان زیاترە و لە دوای هەڵبژاردنیان، مینحەیەکی دارایی باشیان لەلایەن یەکێتی ئەورووپا بۆ دابین دەکرێت، هەمان پڕۆژە لەلایەن کۆمکاری وڵاتە عەرەبییەکان لە ساڵی ١٩٩٦ پەسەند دەکرێت و ساڵانە ئەمانیش شارێکی عەرەبی بە پێتەختی ڕۆشنبیری هەڵدەبژێرن.

شاری سلێمانی شانبەشانی شار و شارۆچکەکانی تری کوردستان، مەڵبەندێکی گەشی ڕۆشنبیریە و بە دەیان کەسایەتی مەزنی وەک نالی و پیرەمێرد و بێکەسی لێ هەڵکەوتووە، ڕوون و ئاشکراشە کە خەڵکی سلێمانی بەگشتی، هونەر و ڕۆشنبیری بە بەشێکی گرنگ لە ژیان دەژمێرن، شارەکە لەلایەنی سیاسیش هەمووکات جەمسەرێکی زیندوو بووە، بۆیە جێی خۆیەتی ئەم شارە بە شێوەیەکی تایبەت خزمەت بکرێت، ئەویش بۆ نموونە بە کردنەوەی هۆڵ و دامەزراوەی تری کەلتووری.

بەڵام لەگەڵ ئەم ڕاستیانەشدا، پێشکەشکردنی پڕۆژەیاسایەک بۆ دەستنیشانکردنی سلێمانی بە پێتەختی ڕۆشنبیری، پرسیارگەلێکی لێ دروست دەبێت و پێویستە کاتێکی زۆر و تاوتوێکرنێکی باشی بۆ بڕەخسێت، بەکورتی دەبێ

پرۆژەیەکی ئاوها پێش بەرزکردنەوەی بۆ پەرلەمان، لای خەڵک بەگشتی ئاشنا بکرێت و ڕای جیاواز ئاڵوگۆڕ بکرێت، سەرەتای ئەم پرۆژەیە لەلایەن خودی شارەوانی سلێمانی و بەتایبەتیش شەخسی حاکم قادر پێشکەشکراوە، واتە دامەزراوەیەکی ئیداری و کەسێکی بەپلە یەک سیاسی بە کارەکە هەستاون، لێرەدا پێش هەموو شتێک دەشێت بپرسین، ئایا پەرلەمانی کوردستان کە ئێستا سەرقاڵی دەیان کێشەی ناوخۆیی و دەرەکییە، تواناو کاتی ئەوەی هەیە پرۆژەیەکی لەم جۆرە تێپەڕێنێت، لەلایەکی تر ئایا ئەم بیرۆکەیە، داوکاری تێکڕای خەڵکی سلێمانییە؟ ئەی لەمەش گرنگتر، هەڵوێستی چینی ڕۆشنبیرانی سلێمانی چییە، دەکرێت گروپێک یان شارێک خۆی، خۆی کاندید بکاو داوای دان پیانان و خەڵات کردن بکات؟ یان واباوە خەڵکی تر لە دەرەوەی ئەوان ئەم داواکارییە بەرزبکەنەوە، بەتایبەتیش چەمکی ڕۆشنبیری گەلەک فراوانە و ڕەنگە شار و شارۆچکەی تریش هەبێت بە پێی پێوەر و تێگەیشتنی  خۆیان، خۆیان بە مەڵبەندی کەلتوری یان ڕاپەڕین یان قوربانی دابنێن و داواکاری لەم جۆرە پێشکەشبکەن،  ناو و ناونیشانی وەک هەڵمەت و قوربانی، شاری ڕۆشنبیری، دەروازەی ڕاپەڕین یان قەڵا و منارە، لە ناو دڵ و زهنی خەڵکدایە و بەیاساکردنیان، لە جوانییان کەمدەکاتەوە.

وەک بەراوردێکیش بۆ پێتەختی ڕۆشنبیری یان کەلتوری، لە هەردوو ئەزموونی ئەوروپی و عەرەبیدا، هەرگیز باس لەوە ناکرێت، تاقە شارێک بە هەمیشەیی و بە فەرمی بکرێت بە پێتەختی ڕۆشنبیری، بەڵکو بە خولێکی سوڕاوە و هەر ساڵێ شارێک هەڵدەبژێردرێت و یارمەتییەکی دارایی بۆ خەرج دەکرێت، لای زۆربەی هاووڵاتییان ئاشکرایە کە سلێمانی وەک ئەستێرەیەکی بریقەدارە لە ئاسمانی کەلتووری کوردستان و، پێویست ناکات ئەم ڕاستییە لەلایەن پەرلەمانەوە پشتڕاست بکرێتەوە، لەباتی پرۆژەیەکی ئاوها باشترە دوو هۆڵی هونەری و کەلتووری بکرێتەوە، خۆ ئەگەر بەم شێوازەی حاکم قادر و شارەوانی سلێمانی داوای دەکەن، ئەوا دەبوایە پاریس بە هەمیشەیی بکرایە پێتەختی کەلتوری ئەوروپا و قاهیرەش بە هەمان شێوە ببێت بە پێتەختی یەکجارەکی ڕۆشنبیری عەرەبی، شتێکی تر کە لێرەدا شایەنی وتنە، ئەوەیە کە گەورەشاری ئەستەنبول ساڵی ٢٠١٠ کرا بە پێتەختی کەلتوری ئەوروپا، هەڵبژاردنەکەشی لەسەر بنەمای بیناسازی و شوێنەوارە کۆنەکان بوو، نەک لایەنی ئەدەب و نووسین، خۆ ئەگەر لەم گۆشەیەوە سەیرێکی شاری سلێمانی بکەین، ئەوا لەلایەنی بیناسازی و شوێنەوار، شتێکی ئەوتۆی تێدانییە و وەک مێژووش، تەمەنی سلێمانی هێشتا لەکەڕەتی لاوێتیدایە.

لە کاتێکی وەک ئەمڕۆ، کە پارچەکانی تری کوردستان خەریکی  ڕزگارکردنی خۆیانن، پێویستە ئێمەش بە هەمان شێوەی یەکێتی ئەوروپا و کۆمکاری عەرەبی، ساڵانە شارێک لە هەر کوێیەکی کوردستانی گەورە، بە پێتەختی ڕۆشنبیری هەڵبژێرین، بە تایبەتی ئێستا، ئەگەرچی هاوکاری سیاسی ئاسان نییە، بەڵام هاوکاری کەلتووری لە نێوان هەموو پارچەکانی کوردستان هیچ ئاستەنگێکی لەبەردەم نەمایە، بە کوردستانی باکوریشەوە، کاتی ئەوەش هاتووە کە بازنەی بیرکردنەوەمان لە شار  گەورەتر بکەین و بەرەو دەوڵەت و ئەودیو سنوورەکانی ببەین.  دووپاتکردنەوەی پرۆژەکە لەم کات و ساتەدا، زیاتر لەوە دەچێت هەوڵێکی یەکێتی بێت بۆ قەرەبووکردنەوەی دابەزینی شەعبیەتیان لەم ساڵانەی ڕابردوو، لە شاری سلێمانی، نەوەک هەوڵێکی جەماوەری خەڵکی شارەکە.